# دادگەی مافی مرۆڤی ئۆروپا، جارێکی دی دۆزی "ئۆجەلان" دەخاتە ڕۆژەوەوە!

**ئاسۆس نەجمەدین**

حەوت ساڵ پاش گیرانی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان (پێ کێ کێ) و تەسلیمکردنی بە ڕژێمی داگیرکەری ترک لە ساڵی ١٩٩٨، کە بە نەخشەی چەندلایەنەی دەوڵەتان ئەنجامدرا، جارێکی دی دۆزی ئۆجەلان لەنێو کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئۆروپادا دەدرێتەوە بەرباس و لێکۆڵینەوە و، ڕایدەگەیەنن کە کاتی خۆی، دادگەییکردنی "ئۆجەلان" نادادگەرانە بووە و، دەبێ ئۆجەلان جارێکی دیکە و بەشێوەیەکی "عادلانە" دادگەیی بکرێتەوە.

ئاشکرایە، دادگەی مافی مرۆڤی ئۆروپا و تێکرای دەوڵەتانی ئۆروپا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی دیمۆکراتی جیهان، بەتەواوەتیی لە نێوەرۆکی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێم و شێوەی دادگەییکردنی نامرۆڤانەی دادگەی ترکییە و پێشێلکارییەکانی بەرامبەر مافی گەلی کورد و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ، ئاگادارن. لێ نواندنی ئەم هەڵوێستەی دادگەی یەکێتیی ئۆروپا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕژێمی ترک، دەمامک و ڕووبەندێکی پێشکەوتن و دیمۆکراسیخوازیی لە ڕوخساریداوە، بەڵام لەنێوەرۆکدا، بەردەوام پێڕەوی لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و تواندنەوەی ڕەگەزیی نەتەوەکانی دەوربەر و بندەستی وەک کورد کردووە و، لە کردەوەدا، پیشە و ئاقاری، بەڵێنی درۆ و کڵاوسەرنان و ملنەدان و سەرکێشیکردن بووە بەرامبەر بە دیمۆکراسی.

لەلایەکی دیکەوە، ڕژێمی ترک، هاودەنگ لەگەڵ ڕژێمەکانی داگیرکەری ئێران و سوورییە، زۆر دژی ئەو ڕەوتی بەدیمۆکراتیزەکردن و گۆڕینی ڕژێمەکانی دیکتاتۆر و دژ بە ئازادین لە نێوچەکەدا و، ترسی گەورەشیان لە کوردە و، لەوە دەترسێن، ڕەنگە کورد بتوانێ، ئاکامی ئەو گۆڕانکارییانە بە سوودی خۆی بقۆزێتەوە و، خۆی لە بندەستی و کۆیلەتیی ڕژێمەداگیرکەرەکانی ڕزگار بکا

ئەوی کە لەو پێوەندەدا گرنگە و پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردمان لە باکوورەوە هەیە، ئەوەیە کە سەرۆکایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەسەری پێویستە، هەست بە گۆڕانی نوێی دنیا و، نێوچەکە بکا و، لە بارودۆخی هەستیار و چارەنووسسازی ئەوڕۆدا، لە باتی پێڕەوکردنی بیرۆکە و سیاسەتی چەوت و، ئایدۆلۆژیای نەگونجاو، لە ئاستی دەرەوەدا، سیاسەتێک پێڕەو بکەن کە دژایەتیی لەگەڵ بارودۆخی جێکەوتووی ئەوڕۆی جیهاندا نەبێ و، لەنێوخۆی کوردستانیشدا بە کردەوە ڕێگەی پیرۆزی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بگرێتە بەر. ڕێز لە بیری ئازاد و دیمۆکراسی بگرن و لەسەر بناخەی بیر و ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتیی، یەکگرتوویی و تەبایی لەنێو کورددا بە هێزبکەن و هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوەییەکان و دەزگە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستاندا بکەن.

به هیوای ئەو ڕۆژە و، بە هیوای سەربەخۆیی و ئازادیی بۆ کوردستان!

«ماوەی لاپەڕە ١٧»

پەلامارانە و هۆی پەلامارەکان هاتووە. پاشتر کوردستان لە پەلاماری عەرەب و مەغۆل و وێرانکاریی ئەوانیش، زیانی کەمتری نەدیوە!

**سەرچاوە:**

١- لە نووسراوەکانی ئۆسکارمان (گەشتەکەی کرماشان) لەساڵی ١٩٠٣ ی زایینیی.

٢- ئیرەج بەهرامی، شانامەی کوردی (هەورامی)، چاپی تاران

**«کۆتایی بەشی یەکەم»**

«ماوەی لاپەڕە ١٤»

دانانی سیاسەتی گشتیدا.

٤- دەسکەوتێکی تایبەتی نییە، بەڵکو دەسکەوتەکانی بریتین لەو بەشانەی کە دەوڵەتە ئەندامەکان دەیدەنێ.

٥- ئەو بڕیارانەی دەریدەکات، ملکەچە بۆ بناخەیەکی کۆمەڵی بەشێوەیەکی گشتی.

## تایبەتمەندیی دەوڵەتە ئەندامەکان

**لە سیستەمی کۆنفێدرالیدا!**

١- پایەداریتیی تەواوی دەوڵەتیان هەیە و هەریەکەیان مافی ئەوەی هەیە بە تاکە (هەر دەوڵەت بۆ خۆی)، پەیمان ببەستێ لەگەڵ دەوڵەتاندا و، بۆی هەیەبە تەنیا شەڕ بکات، هەروەها پەیمانی سەربازی لەنێوان ئەندامانی کۆنفێدرالییەکەدا هەیە کە دەبێ یارمەتی و هاوکاری لەگەڵ یەکدیدا بکەن لەڕووی سوپاییەوە لەکاتی بەرپابوونی شەڕدا.

٢- ئەو شەڕەی لەنێوان دەوڵەتە کۆنفێدرالییەکەدا ڕوودەدات، دادەنرێت بە شەڕی نێوخۆیی.

٣- هەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتە یەکگرتووەکان ڕژێمی خۆی دەپارێزێت.